The Centre of Halabja
*Against Anfalization and*
*Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u*
*Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# گولاڵە صاڵەح خزمەتێکی گەورە دەکات بە دۆزی جینۆسایدی کورد

بڕیار وایە ئەمساڵ لە ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە شاندێکی گەورەی ئیتاڵی و ژاپۆنی بەشداری یادی 18 **ساڵەی کارەساتی هەڵەبجە بکەن , ژنە کوردی گەرمیانی گولاڵە صاڵەح لەبەر ئەوەی بۆخۆی تاڵی و سوێری ئەنفال و تەعریبی چەشتووە , ئەم خزمەتە گەورەیەی بە کورد گەیاند .**

**شاندە ئیتاڵییەکە پێکهاتووە لە 3 سەرۆکی شارەوانی و 2 نوێنەری سەرۆك شارەوانی و سەرۆکی ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی و سکرتێری گشتی ئای پی بی ئیتاڵی کە کار ئەکات دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی , جێگیری سەرۆکی ڕێکخراوی شارەوانی بۆ ئاشتی , کە لە فیبریوەری 2005 شاری هەڵەبجە وەك یەکەم شاری کوردی بوو بە ئەندام تیایدا .**

**شاندەکە نامەی سەرۆك کۆماری ئیتاڵیایان پێیە , تیایدا پشتگیری لە هەوڵەکانی شاندەکە دەکات , لەگەڵ نامەی سەرۆکی شارەوانی هیرۆشیما و نامەی چەندین سەرۆکی شارەوانی دیکەی ئیتاڵیا .**

**هاوکات فلیمی دیکۆمێنتی هەڵەبجە کە پا رساڵ لە ئیتاڵیا نمایش کرا لە هەڵەبجە جارێکی دیکە نمایش دەکرێتەوە , ئەم فلیمە گولاڵەخان بە هاوکاری ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد –چاك ئامادەی کردووە , نمایشکردنی لە پارساڵدا کاریگەری گەورەی لە سەر ئامادە بووان دانا و کارەساتی هەڵەبجەی بە گەورەیی خۆی ناساند .**

**هەروەها شاندەکە دوو ڕۆژنامەنووسی ئیتاڵییان لەگەڵدایە ڕاستەوخۆ هەواڵەکان بۆ ئیتاڵیاو ئەوروپا دەنێرن , لەوانە ((**
.kanali ASMANI (RAI NWES 24

**هاوکات جان ئەندریا بەرتۆنی تەمەن 14 ساڵەیان لە گەڵدایە , یەکەم منداڵە لە جیهان بچێتە ناو نەتەوەیەکگرتووەکان و داوای قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی بکات .**

**هەروەها میوانەکان بۆ منالانی هەڵەبجە 500 دیارییان پێیە , سەرباری هەڵەبجە سەر لە شارەکانی چەمچەماڵ و کەرکووکیش دەدەن .**

**ئێمە وەك ناوەندی چاك ئەم هەوڵەی گەورەیەی گولاڵە صاڵەحی هاوکارمان لە ئیتاڵیا زۆر بەرز دەنرخێنین , مێژووش لە لاپەڕە درەوشاوەکانی هەموو ئەم شێوە هەوڵانە بە زێر دەنووسێتەوە , قەتیش گولاڵەو گولاڵەکان لە یاد ناکات .**

**لە کۆتاییدا هیواداریین ساڵی داهاتوو گولاڵە بە هەوڵی خۆی سەردەشت و کۆپتەپەو زەردەو شێخ وەسانانیش لە یاد نەکات و بیانکان بە ئەندامی شارەوانی ئاشتی جیهانی .**

**خەڵکی کوردستان بە گشتی و شارەکانی هەڵەبجەو کەرکوك و گەرمیان بە تایبەتی پێویستە پێشوازی ژنێکی پاڵەوان و بە وەفا بەرامبەر بە قوربانییان لە گولاڵەی دۆست و هاوکارمان بکەن .**